کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:43 13-7-2007

muhamada4@yahoo. com
هەولێر - 2007/7/11

**سەرنجێک بۆ نەوەیەکی بێباکی نوورەدین وەیسی!... محەمەد مێرگەیی**

لە ژمارە (5) ی گۆڤاری بزاو - 8ی تەمموزی 2007 دا (نوورەدین وەیسی) لە نووسینەکەیدا بە ناونیشانی (نەوەیەکی بێباك) کەوتۆتە هەڵەی زۆر و ناهەقیی گەورە دەرهەق بە لاوانی کوردستان دەکات و (بەشێکی زۆر لە گەنجەکانی کوردستان بە ناپاکییەکی گەورەی نیشتمانی و نەتەوەیی و بە گەندەڵیی تۆمەتبار دەکات) .



نووسەر لە سەرەتای نووسینەکەیدا، ڕاپرسی تەنها (500) کەسی سایتێك دەکاتە بنچینەی قسەکانی و پاشان دوورتر لە ناوەڕۆکی بابەتەکەیدا دەبێتە سیاسەتمەدارێك و وای بۆی دەچێت هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر کوردستان تەنها خۆگێڤرکردنەن و بەشێکن لە ململانێی هێز و لایەنە سیاسییەکانی نێو خۆی تورکیا و دوایی دێتەوە و دەی شوبهێنێت بە هەڕەشەی بەرپرسانی کوردستان لە بارەی ماددەی 140 و جێبەجێنەکردنییەوە.

هەڵەیەکی دیکەی زەقی نووسەر ئەوەیە کوردستان بە وڵاتانی وەکو (ئەمریکا و کەنەدا) و ژیانی گەنجانی کوردستانیش بە ژیانی گەنجانی ڕۆژئاوا بەراوردەکات.

نووسەر کە تا دوێنێ یەکێك بووە لەو گەنج و لاوانەی کوردستان و ئێستا کوردستانی جێهێشتووە و دوور لە لاوانی کوردستان و ژیان و گرفت وخەونەکانیان لە وڵاتی کەنەدا هەپی لایف دەژیت و ئێستاش خەریکی بۆڵەبۆڵکردنە لەسەریان!

کاکی نووسەر کە تۆ بۆ خۆت لە باشووری کوردستاندا و بە واقیعی لەگەڵ خەڵکی هەژار و بەلەنگازدا نازیت، پێویست ناکات ئەو مافە بە خۆت بدەیت و (بەشێکی زۆر لە گەنجەکانی کوردستان بە ناپاك و گەندەڵکار تۆمەتبار بکەیت) و (نەوەی تازەی کوردستانیش بە تەمبەڵ و تەوەزەل ناوزەد بکەیت) . ئەوەش باش بزانە ڕاپرسی سایتێك بەڵگە و پێودانگ نییە لەسەر ئەوەی گەنج و لاوانی کوردستان هەرگیز لە بەرامبەر هەڕەشەی دەرەکی و هاتنی سوپایەکی ستەمکار و داگیرکەری وەك سوپای تورك، خەمساردبن و ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە نەبن.

تۆ کە دەزانیت ژیان لە کوردستان سەختە و لاوەکانی لە زۆر پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان بێ بەشن، ئەی بۆ پێتوایە لاوان هیچ هەوڵێك نادەن بۆ باشترکردنی ژیانی خۆیان، ئەی ئەم کۆچەی هەزاران لاوی کوردی وەکو تۆ بۆ هەندەران و دەرەوەی وڵات، ڕێگەیەك نییە بۆ ئەوەی لەو بێ ئومێدییە دەربچن و بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێن!؟ ئایە دەتەوێت گەنج و لاوانی کوردستان چی بکەن؟ و چ پرۆژە و پرۆگرامێکت هەیە بۆیان؟

ئەمڕۆ لە کوردستاندا شتێکی هیوابەخش و دڵخۆشکەری لاوان ئەوەیە خوێندن هێشتا بە خۆڕاییە و دەتەوێت لە کوردستانیشدا خوێندن بە خۆڕایی نەبێت و وەکو کەنەدا پارەیەکی زۆری گەرەك بێت.

کاکی نووسەر گەنجانی کوردستان باش دەزانن وڵاتانی پێشکەتوو بۆیە پێشکەتوون، چونکە دەستەڵات هەموو پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی نەك تەنانەت بۆ گشت خەڵك و لاوان بە تایبەت، بەڵکو بۆ

هەندەرانی وەکو تۆش دابینکردووە، بۆیە گەنج و لاوانی ئەو وڵاتانەش بە ڕەنج و بازووی خۆیان پارەی خوێندن کۆدەکەنەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.